# ڕەهبەری سەید ئیبراهیم گوڵێکە بە ئێخەی قەندیلەوە
# وەڵامێک بۆ کاروان عەلی

پۆلا سەعید

ئاگری بووختان تەڕ و وشک پێکەوە دەستووتێنێت، سنورەکان لەوە تێپەڕیانکردووە کە ئیدی چاوەڕێی ئەوەبین بزانیین کەسی داهات کێیە کە ناوی لە یەکێ لە ماڵپەڕ و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بە تۆمەتی سیخوڕی بەعس و جاش و خۆفرۆش بڵاودەکرێتەوە. خەڵکانێکی بێ فەڕ و بێ ئاستی لێپرسراویەتیی، بەبێ گوێدانە بنەماکانی لێپرسینەوە و پابەندبوون بە یاساوە، هەر ڕۆژەی ناوی یەکێک لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەخەنە ڕیزی خەڵکانی پاشەڵ پیس و گوومانلێکراوەوە. دیارە لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکی بندەستدا نەبووە کە خەڵکانێکی خۆفرۆش بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان نەچووبێتنە نێو بەرەی بەرەنگاریی و ڕزگارییخوازەوە. نەتەوەی کوردیش هەمانکات یەکێکە لەو نەتەوە بندەستانەی کە تووشی هەمان کارەسات بووە و "با"ی خۆفرۆشیی و سیخوڕیی لە دەربەندی چەندینەی پارت و ڕێکخراوە ڕزگارییخوازەکانیدا هەڵیکردووە. کەسێک بەناوی "کاروان عەلی"یەوە لە ماڵپەڕی کوردستان پۆست دا وتارێکی بە ناوی "فایلی هەڵۆ سوورەکانی قەندیل"ەوە نووسییوە، کە سەنگەرێکی دوژمنانە و ناحەزانەی بەرانبەر چ بە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و چ بەرانبەر هەندێ لە سەرکردەکانی یەکێتیی و پێشمەرگەکانی گرتووە، بەبێ گوێدانە هەستی لێپرسینەوەیی ناوی چەند کەسێکی لە وتارەکەیدا هێناوە، کە لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندان و لە بوونیانەوە هەتاوەکوو ئێستا هیچ گوومانێکیان لە بزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کورددا لەسەر نەبووە. یەکێک لەو بەڕێزانە کە ناوی لە وتارەکەدا هاتووە بەڕێز کاک "ڕاهبەری سەید ئیبراهیم"ە کە لە بوونیەوە مرۆڤێکی کورد پەروەر و نیشتیمانیی بووە و ڕۆژێک لە ڕۆژان سەری بڵندی بۆ ڕژێمی بەعسی فاشست شۆڕ نەکردووە. ڕاهبەری سەید ئیبراهیم وەک مرۆڤێکی کوردی دڵسۆز بەرلەوەی پێشمەرگە بێت مرۆڤێکی دڵ ناسک و هەست ناسک و شاعیرە، بەرلەوەی پێشمەرگە بێت مرۆڤێکی نووسەر و ڕۆژنامەوان و ڕاستگۆیە. ئاخۆ کاروان عەلی هەموو تەمەنی کۆبکاتەوە دەتوانێت ڕستەیەکی دروست و جوان بە زمانی کوردیی وەک کاک ڕەهبەری سەید ئیبراهیم بنووسێت بەرلەوەی باسی مێژووی ژیانی قارەمانێتیی پێشمەرگایەتی ڕاهبەری سەید ئیبراهیم بکەین؟ من هیچ پێناسی کاک ڕاهبەری سەید ئیبراهیم ناکەم چونکە مرۆڤی وەها پێویستیان بە ناساندن نییە خۆیان خاوەنی پاسپۆرتێکی نەبەردیین خاوەنی پێناسێکی مرۆیین کە هەموو

سنورەکان دەرگای خۆیانیان بۆ یەکالا دەکەن. بەڕێز کاک کاروان عەلی ئەدی ئەوە لۆ ناچیت بۆ کافتریاکەی زانکۆی سلێمانیی لە یەکێک لە پشووە کورتەکانی زانکۆدا دیدارێک لەگەڵ کاک ڕاهبەری سەید ئیبراهیم بکەیت و پێی بڵێیت تۆ خاوەنی فایلیت چیتداوە لە خوێندن؟ جێگەی تۆ زیندانە. یاخود کاک کاروان عەلی کە بەڕێزت تێکڕای سەرانی یەکێتیی و پێشمەرگەکانیان بە سیخوڕ دەزانییت ئیدی بەرێزت چیتداوە لە دەزگای کوردستانی نوێ و ئەنجومەنی وەزیران؟ لۆ ناچییە نێو ئۆرگان و دەزگایەکی پاکژەوە کە بە شیاوی خۆتی بزانیت؟ من بەشبەحاڵی خۆم دژی هەموو خۆفرۆشییەکم و دژی هەموو ناهەقیی و خیانەتێکم جا ئەندامەکانیان پابەندبن بە هەر گرۆ و لایەنێکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئیمرۆ دەبێت سنورێک بۆ دەرگاکانی ڕۆژنامەوانیی دابنرێت. ئیمرۆ دەبێت سنورێک بۆ هەموو کەسانەش دابنرێت کە لە هەربوارێکدا بیانەوێت لکە بخەنە سەرشانی خەڵکانی دیکە. ڕەهبەری سەید ئیبراهیم گوڵێکە بە ئێخەی قەندیلەوە، پێناسی ڕەهبەر سەید ئیبراهیم لەلای خەڵکانی جوتیار و هەژارە گوندنشینەکانی کوردستانە. من بەڕێزت ناناسم کاک کاروان عەلی بەڵام هیوا دەخوازم کە بەڕێزتان ئەگەر لە کاک ڕەهبەر زیاتر نەبن ئەوا کەمتریش نەبن.

11.04.04

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET